شوبهەی یانزەهەم

﴿ واسیتە دانان ﴾ ﴿ الواســـطـة ﴾

دەڵێن هەروەك لە دونیادا خەڵكی پێویستی بە واسیتە هەیــە لــە نێــوان خۆیــان و دەســەڵات دارو كاربەدەســتان، بەهەمـان شێوەش بۆلای خوا پێویستمان بە واسیتە هەیەو ئێمە داوا لەم واسیتانە دەكەین كە پێغەمبــەران (علـیهم الصـلاة والسلام) و پیاوچاكانن ﴿ دوای مردنیان ﴾ و ئەوانیش داوا لە خوا دەكــەن هیدایــەتمان بــدات و ڕزق و بەختــەوەریمان پــێ ببەخشێت و ناڕەحەتی و زەرەرو ناخۆشیمان لەسەر لابات و سەرمان خات؛ چونكە ئەم واسیتانە لــە خــوا نــزیكن و وا جوانترە ئێمە ڕاستەوخۆ داوا لە خوا نەكەین و داوایەكەمان لە ڕێگای واسیتەكانەوە بێت؛ چونكە داوای ئەوان بۆ ئێمە باشترە لە داوای ڕاستەوخۆی خۆمان.

هەڵوەشاندنەوەی ئەم شوبهەیە

لە وەڵامی ئەم بۆچوونە هەڵەیەدا دەڵێین: ئەم جۆرە بیروباوەڕو بۆچوونە سەرچاوەكەی زۆر تاوانێكی گەورەیە چــونكە لەوەوە سەری هەڵداوە كە تەشبیهی خوای پەروەردگار كراوە بە دەسەڵات دارێكی دروست كراو. واتە خوای پەروەردگار چوێنراوە (شُبِّهَ) بە بەندەی دروستكراو. وە ئەم وێچواندن و تەشبیەكردنەش:

لەلایەكەوە شیرك بڕیاردانە بۆ خواو، هاوشێوەو هاوەڵ دانانە بۆ پەروەردگار ؛ كە وەك كاربەدەستێك بڕوامــان پێــی بێت، واتە چۆن پێویستیمان بە واسیتە هەیە بۆلای كاربەدەستێكی (**زاڵم**) یــان (**بــێ ئاگــا**) یــان (**بــێ دەســەڵات**)، بەهەمـان شێوەش وابزانرێت پێویست بە واسیتە دەكات بۆلای خوای (**عادلی**) (**بە ئاگای**) (**بە دەسەڵات**).

وە لەلایەكی تریشەوە دابەزاندنی ڕێزو قەدرو گەورەیی خوایە كە (تەشبیە) بكرێت بە كاربەدەستێك لەوەدا كە پێویست بە واسیتە بكرێت بۆلای و بەبێ واسیتە وەڵامان نەداتەوەو یارمـەتیمان نەدات ، وە بە هۆی واسیتە بتوانرێـت كاریگەری لەسەر بكرێت و واسیتەكە تەئسیری لێ بكات !!. سبحان الله پــەروەردگار زۆر پــاك و بــەرزترە لــەم جــۆرە باوەڕو بۆچوونەی نەفامــان.

وە ئەگەر ورد بینەوە بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لە دونیادا خەڵكی پێویستی بە واسیتە دەكات بۆلای كاربەدەستان، ئەو كاتە بۆمـان دەردەكەوێت كە پەروەردگار وەك كاربەدەستان نیەو ، بەهیچ شێوەیەك دروست نیە واســیتەی بــۆ دابنرێــت. چونكە سیفاتی پەروەردگار زۆر بەرزترە لە سیفاتی بەندەی كاربەدەست.

هۆی یەکەمی پێویست بە واسیتە کردن بۆ لای کار بەدەستان

بۆ نمونە خەڵکی پێویستیان بەواسیتە هەیە بۆلای کاربەدەستێکی زاڵم، چونکە بەهۆی واسیتە نەبێت ئەم کاربەدەستە زاڵمە کاری خەڵکەکە ناکات و بەزەیی پێیاندا نایەتەوەو بە عەدالەت حوکم ناکات. جا لەبەرئەوە خەڵکی ناچاردەبن و پێویستیان دەبێت کە واسیتەیەکی نزیك لە حاکمی زاڵم پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی تەئسیر لە حاکم بکات و حەقی خۆیانی پێ داوا بکەن.

کەواتە لەبەر زوڵمی حاکم و ناعەدالیێتی و نەبوونی بەزەیی و ڕەحم، خەڵکی پێویستیان بە واسیتە کرد. بەڵام ئەگەر بێت و حاکمەکە عادل و بەبەزەیی و حەق ویست بێت و لوت بەرز نەبێت ئەوا هەموو هەژارێك و بێ دەسەڵاتێك دەتوانێت بە ئاسانی بگاتە لای حاکم و داوای مافی خۆی لێ بکات. هەروەکو چۆن خەڵکی بۆ خۆیان بەبێ واسیتە دەچوونە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و داوای خۆیانیان لا باس دەکرد بێ واسیتەو بێ جیاوازی لەنێوان موسڵمانان و ناموسڵمانان !! هەمویان بە ئاسان دەگەیشتنە لای پێغەمبەر ﷺ ڕاستەوخۆ دەدوان لەگەڵیدا.

وە هەروەها لە دوای ئەویش هەر چوار خەلیفەکان ـ ڕەزای خوایان لێ بێت ـ وە خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش - ڕەحمەتی خوای لێ بێت- خەڵکی ڕاستەوخۆو بێ واسیتە داخوازی خۆیانیان لاباس دەکردن بێ جیاوازی لەنێوان دوورو نزیك و خزم و بێگانە و هەژارو دەوڵەمەندو موسڵمانو کافر!!؛ چونکە ئەوانیش لەسەر سوننەتی ئەو پێشەوایە ﷺ دادپەروەرە بەبەزەییە (متواضع)ـە دەڕۆیشتن ،

کەواتە ئەگەر کاربەدەست عادل و بەویژدان بوو خەڵکی پێویستی بە واسیتە ناکات، ئەدی چۆن پێویستیان بە واسیتە دەکات بۆلای پەروەردگار کە لەهەموو کەس بەبەزەیی ترو دادپەروەرترو حەق ویست ترەو (أرحم الراحمین) و (أعدل العادلین)ـە !!. وە تۆسقاڵێکیش زوڵم ناکات و ستەم لەکەس ناکات ﴿ولا یظلم ربك أحداً﴾ وە هەروەها هەرکەسێك تۆسقاڵێك مافی هەبێت پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە ﴿ فمن یعمل مثقال ذرةٍ خیراً یره ﴾.

وەهەروەها حەق لە ئاژەڵی شاخ دار (قۆچ دار ـ قرناء) دەستێنێتەوە بۆ بێ شاخ. وە مافی کەس پێشێل ناکات و وەڵامی هەموو کەس و هەموو ستەم لێ کراوو هەژارێك دەداتەوە؛ کافر بێت یان موسڵمان. وەك دەفەرموێت:

﴿ أَمَّنْ یُجیبُ المُضطرَّ إذا دعاهُ ویکشفُ السوءَ ویجعلکم خلفاء الأرض ءإلهٌ مع الله ؟ قلیلاً ما تذکَّرون﴾

النمل ٦٢.

واتە: کێ وەڵامی لێ قەوماو دەداتەوە ئەگەر هاواری بگاتێ، وە ناڕەحەتی لەسەر لادەبات ؟! ئایا لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوی تر هەیە هاواری بکرێتێ و وەڵامی لێ قەوماوان بداتەوە ؟! بێگومان تەنها (الله) بە فریامان دێت.

وە پەروەردگار وەکو حاکمە زاڵمەکان نیە، حەز نەکات داوای حەقی لێ بکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر حەز دەکات داوای لێ بکرێت و ڕاستەوخۆ بێ واسیتە هاواری بکرێتێ لە خۆشی و ناخۆشیدا. وە تورە دەبێت لەوانەی داوای لێ ناکەن و هانای بۆ نابەن. وەك لەم ئایەت و حەدیسانەدا دەردەکەوێت:

[وقال ربكم آدعوني أستجب لكم إنّ الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنّم داخرين] الغافر ٦٠.

واتە: پەروەردگارتان فەرمووویەتی داوام لێ بکەن ڕاستەوخۆ بێ واسیتەو هاوارم بکەنێ وەڵامتان دەدەمەوە. وە ئەوانەی خۆیان بە زل دەزانن لە ئاستی پاڕانەوەو داواکردن لە من، و خۆیان بێ پێویست دەزانن ئەوانە دەچنە ناو دۆزەخ بە حاڵەتی تێداماوەیی.

* **وە پێغەمبەر ﷺ فەرمووویەتی :** ((إنَّه مَنْ لم يسألِ الله يَغْضَبْ عليه))[1].

واتە ئەوەی داوا لە پەروەردگار نەکات لێی تورە دەبێت.

* **وە بەڕێزترین شت لای پەروەردگار لێ پاڕانەوەیەتی: وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :**

((ليس شيءٌ أكرم على الله من الدعاء))[2].

* **وە لە حەدیسێکدا دەفەرموێت:**

((إنَّ الله حَيِيٌّ كريم، يستحي من عبده أنْ يبسُطَ إليه يديه ثم يَرُدّهما خائبتين))[3].

واتە: پەروەردگار ئەوەندە بەڕێزو خاوەن حەیایە، شەرم دەکات لە بەندەی خۆی کە دەستی پاڕانەوەی بۆلا ڕابکێشێت و ئەویش ڕەتی بکاتەوە بە بێ ئومێدی و دڵ شکاوی.

* **وە هەر کەسێك داوای شتێك لە پەروەردگار بکات پەروەردگار بەشێوەیەك لەم سێ شێوەیە پاداشتی دەداتەوە:**

١ ـ یان داواکاریەکەی بۆ بەجێ دەگەیەنێت.

٢ ـ یان بۆی دەکا بە خێرو پاداشت بۆ ڕۆژی دوایی.

٣ ـ وە یان بە ئەندازەی ئەو داواکاریەی شەڕو خراپەو زیانی لەسەر لادەبات ئەگەر داواکاریەکەیشی بۆ جێ بەجێ نەکات لەبەر حیکمەت و مەصلەحەتێك. وەك لەم حەدیسەدا هاتووە:

((ما من مسلمٍ يدعو الله بدعوةٍ ليس فيها إثمٌ ولا قطيعةُ رحمٍ إلاَّ أعطاهُ الله بها ثلاثَ خصالٍ: إمّا أن يُعجِّل له دعوته، وإمّا أن يَدَّخِرَها له في الآخرة، وإمّا أن يصرفَ عنه من السوء مثلها، قالوا: إذاً نُكثرُ، قال: اللهُ أكثر))[4].

کەواتە پەروەردگاری بەبەزەیی نابێت بشوبهێنرێت بە بەندەی بێ ڕەحمی زاڵم، وە پێویستی بوون بە واسیتە بۆلای دەسەڵاتداری زاڵم نابێت وامان لێ بکات گومانی خراپ بەرین بە پەروەردگار، کە ئەویش بێ واسیتە وەڵامان ناداتەوە؛ چونکە ئەم گومان بردنە بە پەروەردگار زۆر گوناهێکی گەورەیە؛ وە کەم کردنەوەی قەدو گەورەیی و عەدالەت و بەزەیی خوایە، وە دابەزاندنیەتی بۆ ڕیزی کاربەدەستە ستەمکارەکان کەبێ واسیتە وەڵامی کەس نادەنەوە.

---

(١) صحيح سنن الترمذي .

(٢) صحيح التر مذى وابن ماجة .

(٣) صحيح سنن الترمذي (٣ / ١٧٩) .

(٤) رواه الحاكم وصححه (١ /٦٧٠)، والبخاري في (الأدب المفرد) .

وە هەروەها نابێت وا گومان بەرین کە هەروەکو چۆن واسیتەی دونیایی تەئسیر لە کابەدەستان دەکات لەو شتەشدا کە کاربەدەستان حەزی پێ نەکەن، بەهەمان شێوەش واسیتە تەئسیر لە خوا دەکات لەوەدا کە خۆی نەیەوێت. بۆ نموونە ئەگەر کاربەدەستێك حەز نەکات کاری فلان کەس جێ بەجێ بێت لەبەر چەند هۆیەك، ئەوا ئەو فلانە کەسە ئەگەر واسیتەی زۆر نزیك لە کاربەدەستەکە پەیدا بکات دەتوانێت کاری خۆی پێ جێ بەجێ بکات و کاربەدەستەکەش ناچار بڕیاری لەسەر بدات بە نابەدڵی بێ ئەوەی حەزیشی لەو بڕیارە بێت، جا یان لەشەرمی واسیتەکە بڕیاری بۆ دا، وە یان لە ترسان، وەیان لەبەر مەصڵەحەتێکی داهاتووی خۆی!!. چونکە ئەگەر قسەی واسیتەکان بشکێنێت ئەوا لێی هەڵدەگەڕێنەوەو زەرەری لێ دەدەن، یان جارێکی تر پشتیوانی و هاوکاری و لایەنگری ناکەن. کەواتە واسیتەی دونیا تەئسیر لە کاربەدەستان دەکات.

بەڵام ئەگەر پەروەردگار حەز نەکات شتێك ببێت ئەوا کەس ناتوانێت پێی بکات و تەئسیری تێ بکات.

بۆ نموونە پەروەردگار نەیویست لە موشریك و مونافیقان خۆش بێت، بۆیە بە پێغەمبەری ﷺ ڕاگەیاند کە تکای لێ نەکات و داوای لێ خۆش بوونیان بۆ نەکات چونکە داوا بکات یان نەیکات، خوا لێیان خۆش نابێت ئەگەر حەفتا جاریش داوای لێ خۆش بوونیان بۆ بکات. وەك فەرمووی:

﴿اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ﴾ التوبة: ٨٠ .

﴿سَوَاء عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ﴾ المنافقون: ٦ .

وە پەروەردگار چ شتێکی حەز لێ بێت هەر ئەوە دەبێت و چی نەوێت بە هەموو بوونەوەریش ناتوانرێت پێی بکرێت: (ماشاء الله كان ومالم يشأ لم يكن) .

وە کەس ناتوانێت ڕەخنە بگرێت لە بڕیارەکانی و پاشکۆی حوکمەکانی بکات و پێیاندا بچێتەوە: ﴿ والله يحكمُ لا مُعقِّبَ لِحُكمه ﴾ الرعد: ٤١ .

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿ فإنّه لا مُكْرِهَ له ﴾[1]. واتە پەروەردگار زۆرلێکەری نیە. وە هیچ کەسێك ناتوانێت بێ ڕوخسەتی ئەو داوای تکا کردنیش بکات:

﴿مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ﴾ البقرة :٢٥٦.

واتە کێیە ئەوەی شەفاعەت بکات لەلای خوا، مەگەر بە ڕێ پێدانی ئەو نەبێت؟!.

کەواتە لە دونیادا واسیتە پەیدا کردن بۆ شەفاعەت کردن لای دەسەڵاتداران سوودی هەیەو تەئسیری خۆی هەیەو دەسەڵاتداران ناتوانن تکای تکاکاران بشکێنن هەموو کاتێك چونکە پێویستیان بەم تکاکارانە هەیەو پاڵپشت و یارمەتی دەریانن یان شەریك و هاوبەشیانن یان جێگای مەترسیە ڕەت کردنەوەی شەفاعەتیان ئەگەر شەفاعەتکارو واسیتەکە ژن و منداڵی خۆشیان بن !! واتە ئەوانیش تەئسیریان هەیە لەسەر کاربەدەستان.

(١) صحيح البخاري .

بەڵام پەروەردگار نەخێزانی هەیە نە منداڵ، نە وەزیرو، نە هاوكار، نە شەریك و، نە پشتیوانكار، نە بەرامبەرو، نە پێشنیاركار، وەكو خۆی دەفەرموێت:

﴿ قُلِ ادعوا الذين زعمتم(1) من دون الله: ❶ لا يملكون مثقال ذرة في السماوات ولا في الأرض.

❷وما لهم فيهما من شرك ❸وما له منهم من ظهير ❹ ولا تنفع الشفاعة عنده إلا لمن أذن له ﴾السبأ ٢٢، ٢٣.

واتە ئەی محمد ﷺ بەو موشریكانە بفەرموو: ئادەی هاوار بكەنە ئەوانەی كە وا گومان دەبەن شەفاعەتكارتان بن و ئیعتیقادی سوودو زیان و خۆشی و ناخۆشیتان پێیانە غەیری خوا، بزانن ئایا:

❶ هیچیان بە دەستە بۆ خۆشیان و بۆئێوەش ؟! لە كاتێكدا كە ئەوان ئەندازەی زەڕڕەیەكیان لە ئاسمانەكان و زەوی بە دەست نیەو خاوەنی نین، وە لەوەش كەم تر:

❷ بە شەراكەتیش لەگەڵ خوا هاوبەشی نین لە ئاسمانەكان و زەویدا، وەلەوەش كەمتر:

❸ تەنانەت یارمەتیدەرو یاریدەدەریش نین بۆ خوا، تا یارمەتیان لێ وەربگرێت و پێویستی پێیان بێت.

كەواتە: نە خاوەنی هیچ شتێكن بەتەنها لەم زەوی و ئاسمانانەدا. وە نە بە شەراكەتیش شەریكی خوان لە هیچ بەشێكی ئاسمانەكان و زەویدا. وەنە جێگرو وەزیرو یاریدەدەری پەروەردگاریشن لەم بوونەوەرەدا. كەواتە بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێكیان بە دەست نیە لەگەڵ خوا یان بەبێ خوا، تەنها شەفاعەت كردن نەبێت لای خوا.

❹وە شەفاعەت كردنەكەش نابێت تەنها دوای ئیزنی خوا، ئەویش بۆ كەسێكە كە خوا ڕوخسەتی بۆ بدات و ڕێگەی پێ بدات ئەگینا سوودی نابێت و ناكرێت!!

بەڵام لە دونیادا واسیتەكان شەفاعەت دەكەن لای كاربەدەستان بەبێ ڕوخسەتی كاربەدەستانیش وە بۆ كەسانێكیش كە كار بەدەستان حەزیان پێ نەكەن.(٢)

(1) زعمتم أنهم آلهة أو أنهم شفعاء .

(2) **وە زانای پایە بەرز** إبن قيم الجوزية **ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرمویەتی:**

وقد قطع الله الأسباب التي يتعلق بها المشركون جميعاً، فالمشرك إنّما يتخذُ معبودهُ لما يحصلُ له من النفع، والنفع لايكون إلا ممن فيه خصلةٌ من هذه الإربع:

إمّا مالكٌ لما يريد عابده منه، فإنْ لم يكن مالكاً كان شريكاً للمالكِ ، فإنْ لم يكن شريكاً له كان معيناً له و ظهيراً، فإن لم يكن معيناً ولا ظهيراً كان شفيعاً عنده.

فنفى الله سبحانه المراتب الأربع نفياً مرتباً؛ منتقلاً من الأعلى إلى الأدنى؛ فنفى **الملك والشرك والمظاهرة والشفاعة التي يطلبها المشرك، وأثبت شفاعةً لانصيب فيها للمشركِ، وهي الشفاعة بإذنه.**

فكفى بهذه الأية نوراً وبرهاناً وتجريداً للتوحيدِ وقطعاً لأصول الشركِ وموادّه لِمَنْ عقلها.

بەڵام پەروەردگار زۆر زۆر لەوە گەورەترە كە كەس بێ ئیزنی ئەو شەفاعەت بكات لای، وەیان شەفاعەتی لا بكەن بۆ كەسێك كە خۆی لێی ڕازی نەبێت:

[يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ﴾ (الأنبياء:٢٨).

واتە شەفاعەت كاران شەفاعەت ناكەن تەنها بۆ ئەو كەسە نەبێت كە خوا لێی ڕازی‌یە تكای بۆ بكرێت.

كەواتە: دەركەوت خەڵكی لە دونیادا پێویستیان بە واسیتە هەیە بۆ لای حاكمە دەسەڵاتدارەكان لەم لایەنەوە كە (عەدالەت) و (بەزەیی) و (خۆ بەكەم گرتنیان) نیە.

بەڵام پەروەردگار بەهیچ شێوەیەك قەبوڵی نیە واسیتەی بۆ دابنرێت؛ چونكە خۆی ڕاستەوخۆ وەڵامان دەداتەوە بێ جیاوازی، وە زۆر دادپەروەرو بە بەزەیی‌یە لەگەڵماندا، وە مرۆڤ هەرچەندە تاوانباریش بێت ئەگەر لەخوا بپاڕێتەوە پەروەردگار عەفوی دەكات و لە گوناهی دەبوورێت، وەك فەرموویەتی:

﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ الزمر : ٥٣.

واتە بفەرموو: ئەی ئەو بەندانەی پەروەردگار كە زێدەڕەویتان كردووە لە تاوان و گوناە كردندا بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا چونكە پەروەردگار دەبوورێت لەهەموو تاوانەكان؛ چونكە بە ڕاستی خۆی لێبوردەو بەڕەحمە.

كەوابوو ڕەحم و بەزەیی خوا بۆ تاوانبارانیشە، كەواتە با شەیتان وەسوەسەمان بۆ دروست نەكات و فێڵمان لێ نەكات بەوەی كە بڵێین: ئێمە تاوانبارین و پیاوچاكان لای خوا خۆشەویستن، وە خوا لە ئێمە خۆش نابێت بەبێ واسیتەی ئەوان !!

بزانە ئەوە داوی شەیتانەو بەو شێوەیە تووشی شەریك بۆ خوا دانانت دەكات!! وریابە برای موسڵمان.

هۆی دووەمی پێویست بە واسیتە كردن
بۆ لای كار بەدەستان

ب ـ وە لەبەر هۆیەكی تریش خەڵكی لە دونیادا پێویستیان بە واسیتە هەیە بۆلای كاربەدەستانیان ئەم هۆیەش بریتی‌یە لە: **(بێ ئاگایی كاربەدەست لە حاڵی ژێردەستەكانی)**. واتە لەبەر ئەوەی كە حاكمی كاربەدەست ئاگای لە حاڵی تاك تاكی ژێردەستەكانی خۆی نیە؛ بۆیە خەڵكەكە پێویستیان بە واسیتە هەیە بۆ ئەوەی حاڵی خۆیان بگەیەنن بە حاكم. وە حاكمیش بەهۆی چەند واسیتەیەك نەبێت ناتوانێت ئاگادار بێت بەسەر حاڵی خەڵكەكە.

والقرآن مملوءٌ من أمثالها ونظائرها، ولكن أكثر الناس لايشعرون بدخولِ الواقع تحته وتضمّنه له، ويظنّونها في نوعٍ وقومٍ قد خَلَوا منْ قبلُ ولم يُعقبوا وارثاً، فهذا الذي يحولُ بين القلب وبين فهم القرآن. ولَعمرُ الله؛ إن كان أولئك قد خَلَوا، فقد ورثهم مَنْ هو مثلهم أو شرٌّ منْهم أو دونهم، وتناوُلُ القرآنِ لهم كتناوُلِه لأولئك.

بەڵام پەروەردگار:

* **ئاگاداری نهێنی و پەنهانیە** (یعلمُ السرَّ وأخفى).

* **وەهیچ شاراوەیەك لەخوا شاراوە نیە** (لا تخفى علیه خافیة).

* **وە ئاگای لە دزەی چاو (سیلەی چاو)و شاراوەی ناو دڵەکانیشە** (یعلمُ خائنة الأعیُنِ وما تخفي الصدور).

* **وە ئاگای لە وەسوەسەی دەروونی ئادەمیزاد هەیەو لە ئێمە نزیکترە لە ڕەگی گەردنمان:**

[وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْأِنْسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ] (ق:١٦).

* **وە کلیلەکانی زانیاری غەیب لای خوایەو هیچ یەکێك بێجگە لەو بەوە نازانێت وە پەروەردگار ئاگای لەوە هەیە کە لە ووشکانی و دەریادا هەیەو، هیچ گەڵا دارێك ناوەرێت ئیللا خوا پێی ئاگایە وە هیچ دەنکە تۆوێك لە تاریکی زەویدا نی‌یەو، هیچ تەڕو وشکێك نیە، ئیللا پەروەردگار ئاگای لێیەتی و لە کیتابدا تۆمار کراوە:**

[وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلا رَطْبٍ وَلا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ] (الأنعام:٥٩)

* **وە پەروەردگار بیسەرو بینایە** (وهو السمیع العلیم).

* **وە پەروەردگار ئاگای لێمانەو لەگەڵمانە بە عیلم و ئاگاداری خۆی لەهەر شوێنێك بین، وە دەمان بینێت:**

[يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ] (الحدید: ٤).

* **وە لە هیچ حاڵ و ئەندێشەیەکدا نین و هیچ بەشێك لە قورئان ناخوێنینەوەو هیچ کردەوەیەك ناکەین ئیللا پەروەردگار چاودێرو ئامادەیە بەسەرمانەوە هاوکات لەو دەمەدا کە دەچینە ناو کارەکە. وەهیچ شتێك لە زەوی و ئاسماندا لە پەروەردگار وون نابێت، بەئەندازەی تۆسقاڵێك، وەنە بچوکترو نە گەورەتر لەوەش، وە هەموو ئەو شتانەش لە کیتابدا نوسراون و پەروەردگار ئاگایی تەواوی هەیە پێیان.**

[وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُو مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ وَلا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُوداً إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا فِي السَّمَاءِ وَلا أَصْغَرَ مِنْ ذَلِكَ وَلا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ] (یونس:٦١)

* **وە پەروەردگار بیسەری هەموو دەنگەکانە بەجۆرەها زمان بۆ جۆراو جۆری داواکاریان. وە دەنگی داوای هیچ کەسێك مەشغوڵی ناکات وە بێ ئاگای ناکات لە بیستنی دەنگی داواکارانی تر وە داواکاری کەسی لەیاد ناچێت وە بێزاریش نابێت بە زۆر داوا لێ کردن.**

وەك زانایان فەرموویانە لە وەسفی خوادا:

(یَسمعُ ضجیج الأصواتِ باختلافِ اللغاتِ على تفنن الحاجات، لا یُشغِلهُ سمعٌ عن سمعٍ ولا تغلطه المسائل ولا یتبرم بإلحاح الملحِّین).

کەواتە پەروەردگارێك کە بەم شێوەیە عیلم و ئاگاداری هەبێت بەسەر هەموو بوونەوەردا، وە بیسەرو بینا بێت بەم شێوەیە؛ ئایا پێویست دەکات بەهۆی واسیتەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاکانەوە خەبەری داواکاریەکانی خۆمانی بدەینێ و ئەو واسیتانە پەروەردگار ئاگادار بکەنەوە، هەروەکو چۆن لەم دونیایەدا خەڵکی بەهۆی واسیتەوە حاڵی خۆیان دەگەیەنن بەکار بەدەستان، چونکە کاربەدەستان ئاگایان لە حاڵی هەموو خەڵکی نیە ؟!**

((سبحان الله**)) بۆ بیرناکەنەوە ئەو کەسانەی واسیتە بۆلای خوا دادەنێن ! ئایا نازانن پەروەردگاری بەئاگای زانای بیسەری بینا (تەشبیە) ناکرێت بەکاربەدەستی بێ ئاگا ؟!**

ئەوە بۆ قەدرو ئەندازەی پەروەردگار دادەبەزێنن و خوای گەورەو باڵادەست وەکو خۆی ناناسن بە گوێرەی ناوو سیفاتە بەرزو جوانەکانی؟ بۆچی پەروەردگار دادەبەزێنن ئاستی دەسەڵاتدارە بێ ئاگایەکان بەڵام بەپێچەوانەشەوە واسیتەکانیان کە ـ پیاوچاکەکانن ـ بەرز دەکەنەوە زیاتر لە ئاستی خۆیان بۆ ئاستی پەروەردگارو بەویان دەشوبهێنن !؟

– وە ئەگەر بڵێن ئێمە پیاوچاکان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **بە خوا ناشوبهێنن** ﴿لانشبِّه المخلوق بالخالق﴾ **.**
لەوەڵامدا دەڵێین:

ئەگەر بەزمانی دەمیشتان وانەڵێن بەزمانی حاڵتان واتان وتووە چونکە ـ بۆ نمونە ـ هەزاران هەزار موسڵمانی نەفامی جاهیل لە هەزاران شوێنەوە بە هەزاران زمانەوە بۆ هەزاران ئیش لە یەك کاتدا هاوار دەکەنە شێخ عبدالقادری گەیلانی. وە هەموو یەکێکیش لەو کەسانەی کە هاواریان کردۆتە شێخ عبدالقادر باوەڕی وایە کە شێخ دەنگی ئەو دەبیستێت؛ وەك چۆن دەنگی ئەوانی تریش دەبیستێت لەهەمان کاتدا!!، وە باوەڕیان وایە کە بە مردوویی، لە وڵاتێکی دووریشەوە شێخ عبدالقادر گوێ بیستی هەموو هاوارو دەنگەکانە، وە لە هەموو زمانەکانیش دەگات چ عەرەبی چ کوردی چ ئینگلیزی و چ... وە دەنگەکانیش هەموو لێك جیادەکاتەوە، ئەمەیان هی کێیە! ئەوەی تریان هی کێیە وە داوای هەمووشیان تێ دەگات و هیچ دەنگ و داوایەك بێ ئاگاو مەشغوڵی ناکات لە بیستن و تێگەیشتنی دەنگ و داوای ئەوانی تر، وە دوای بیستن و تێگەیشتنی هەموو داواکاریەکانیش دەتوانێت وەڵامی هەموویان بداتەوەو هەرکەسە داواکاری خۆی بۆ جێ بەجێ بکات و فلان لە نەخۆشی چاك بکاتەوەو فلان ژنی بۆ بێت و فلانە پیاوێکی دەست کەوێت، فلانە منالی کوڕی ببێت و فلان بەسەر دووژمندا سەرکەوێت و فلان دەوڵەمەند بێت و... هتد.

سبحان الله، ئایا ئەم بیرو بۆچوون و ئیعتیقادە تەنها لایەق و شایستەی خوایە یان لایەقی بەندەیەکیشە وەك شێخ عبدالقادری گەیلانی و پیاوچاکانی تر ؟!! بێگومان هەرکەسێك زەڕڕەیەك عەقڵ و تێگەیشتنی هەبێت ئەم ئیعتیقادەی بە غەیری خوا نابێت، چونکە یەکێك توانای بیستنی ئەو هەموو دەنگە زۆرە لێك جیایەی هەیەو توانای تێگەیشتن و وەڵام دانەوەی داواکاریەکانی هەیە کە چەندان سیفەتی هەبن وەك (الحيّ**) زیندوویەتی و(**السميع**)**

بیسەرێتی و (البصیر) **بینایێتی** و (القادر) **بەتوانا** (القیّوم) **ڕاگری غەیری خۆی** (المغـــني) **دەوڵەمەنـدكارو** (المعطـــي) **بەخشەرو** (ملك الملك) **خاوەنی موڵك** و...

وەئەم سیفاتانەش تەنها تایبەتن بە پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی.

كەواتە كوفرە كە ئێمە ئەم سیفاتانەی خوا بدەینە بەندەی بێ دەسەڵات كـە نـەمردن و ژیـان نـە قـازانج و زەرەری بەدەستە، وە كە مرد مێشوولەیەكی پێ لەخۆ دەرناكرێ و، دادەبڕێت لە ژیانی سەر زەوی و دەچێتە جیهانی نـاو گـۆڕ !!.

هۆی سێهەمی پێویست بوون بەواسیتە بۆلای كاربەدەستان

وە هۆیەكی تر بۆ دانانی واسیتە لەنێوان خەڵك و كاربەدەستان ئەوەیە كە كاربەدەسـت لەبـەر بـێ توانـایی خـۆی ناتوانێت بەتەنها كاری ئەم خەڵكە ژێردەستە جێ بەجێ بكات و داواكاریەكانیان وەڵام بداتــەوە هەرچـەندە ئاگـاداری داواكاریەكانیشیان بێت و حەزیش بكات لــە وەڵام دانــەوەیان، بۆیــە پێویسـتی بەچـەندان واسـیتە هەیـە كـە ببنـە یاریدەدەری و هاوكاری بكەن و پاڵپشتی بكەن.

بەڵام پەروەردگار خۆی بە تەنها دەسەڵاتدارو بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك و هەر شتێكی بوێـت ئـەنجامی دەدات بەئاسانی و بێ ئەوەی پێوستی بە یارمەتی و كۆمەكی كەس بكات و پـەروەردگار هـیچ پاڵپشـت و وەزیرێكـی نیــەو پێویستی بەكەس نییە.

﴿ وقُلِ الحمدُ للهِ الذي لمْ يتخذْ ولداً ولمْ يكنْ لهُ شريكٌ في الملكِ ولمْ يكنْ لهُ وليٌّ من الذلِّ وكبِّرهُ تكبيراً ﴾ الإسراء (١١١).

واتە سوپاس بۆ ئەو پەرستراوەی كە هیچ مـنداڵی نیەو هیچ شەریكی نیە لەو موڵكەداو هیچ دۆستێكی نەگرتووە، لەبەر لاوازێتی و پێویست بوونی پێی تا بە هۆی ئەوەوە بەهێز بێت !!

وە هەروەها ﴿ وما لهُ منهم من ظهير ﴾ پەروەردگار هیچ پشتیوانێكی نیە لە دروست كراوان.

وە پەروەردگار ئەوەندە بە توانایە لەسەر جێ بەجێ كردنی داواكاری بەندەكانی بە شێوەیەكی وا كە هەموو ئینسان و جنۆكەكان لە یەكەمیانەوە تا كۆتاییان لەیەك كاتدا كۆببنەوە لەسەر بەرزاییەك وەبەیەكەوە هاوار بكەنە خوا، هەر یەكەی بەزمانی خۆی و بۆ ئیشی تایبەتی خۆی!!، پــەروەردگار وەڵامــی هــەر هــەموویان دەداتــەوەو داواكــاری هــەر هەموویان جێبەجێ دەكات خۆی بەتەنها بێ ئەوەی هیچ لەموڵكی پەروەردگار كەم ببێتەوە. وەك خۆی لە حەدیسـێكی قودسیدا فەرمووویەتی:

((يا ابن آدم لو أنَّ أوّلكم و آخركم وإنسكم وجنّكم قاموا في صعيدٍ واحدٍ فسألوني، فأعطيتُ كلّ واحدٍ مسألَتَهُ، ما نقص ذلك مما عندي إلا كما يَنْقُصُ المخيطُ إذا أُدخلَ البَحرَ))[1].

وە پەروەردگار ئەوەندە بە توانایە ئەگەر ویستی شتێك ببێت تەنها دەفەرموێت (كُنْ) واتە: ببە، وە یەكسەر دەبێت !!

كەواتە خوای پەروەردگار ئاوا بە تواناو دەسەڵاتە چۆن دەشوبهێنرێت بە كار بەدەستی بێ دەسەڵاتی موحتاج بەواسیتەو یارمەتیدەر ؟!.

پەروەردگار خۆی بە تەنها بەتوانایە لەسەر ئەنجام دانی هەموو پێداویستی بەندەكانی و هیچ پێویستی بە واسیتەو یاریدەدەر ناكات كەواتە بۆچی واسیتە دابنێین؟!.

+-++-+*+-+*+-+*+-+*

كەواتە دوای دەركەوتنی هۆكارەكانی پێویست كردنی بوونی واسیتە لە نێوان خەڵكی و كاربەدەستاندا زانیمان هۆكاری بنەڕەتی (بێ عەدالەتی) و (بێ بەزەییتی) و (بێ ئاگاییتی) و (بێ توانایەتی) كاربەدەستانە، بۆیە خەڵكی پێویستیان بە واسیتە هەیە تا داواكاریەكانیان بگەنە لای كاربەدەستان و وەڵام بدرێنەوە بەڵام پەروەردگار بە پێچەوانەی كاربەدەستان و دروستكراوان پاكەو دوورە لە هەموو سیفاتێكی كەم و ناتەواو وە خاوەنی هەموو سیفاتێكی بەرزو تەواوەو ئاگای لە هەموو بەندەكانیەتی و لێیانەوە نزیكە بە عیلم و بیستن و بینین و دەسەڵات. وە دەنگی هەموویان دەبیستێت و پێشی خۆشە داوای پێداویستیەكانمانی لێ بكەین و بەتواناشە لەسەر وەڵامدانەوەمان بێ پێویست بوون بە واسیتەو یاریدەدەرو لەكەسیش ناترسێت و ئیشیش بەكەس نیەو، كەسیش ناتوانێت فەرمانی پێ بگۆڕێت، وە خۆی داناو كار لەجێ و بەخشندەو میهرەبانە (أرحم الراحمين)ە. وە (أعدل العادلين)ە، وە (أحكم الحاكمين)ە، وە خۆیشی فەرمانی پێ كردووین كە داوای لێ بكەین و بەڵێنی داوینێ كە وەڵاممان بداتەوەو توڕەش دەبێت كە داوای لێ نەكەین ڕوو بكەینە یەكێكی. وە پێی ڕاگەیاندووین كە غەیری ئەو هاواریشی بكەینێ تەنها زەرەرمان بۆ دەمێنێتەوەو هیچ سوودی لێ وەرناگرین؛ چونكە هیچ یەكێكی تر جگە لە خۆی هیچی بە دەست نیەو توانای شەفاعەت و تكاكردنیشیان نیە بە ئیزنی ئەو نەبێت بۆ ئەو كەسەش نەبێت كە پەروەردگار خۆی ڕازیە شەفاعەتی بۆ بكرێت !!

كەواتە دوای ئەم هەموو ڕوون كردنەوانەو ناسینی گەورەیی و قەدری خوا بۆمان دەركەوت كە (تەشبیە) كردنی خوا بە كاربەدەستان و واسیتە دانان بۆلای خوا وەك چۆن واسیتە دادەنێین بۆلای كاربەدەستان ئەم كارە كارێكی زۆر ناشەرعی و نا عەقـــــڵانەیەو گوناهێكی گەورەیەو وەسوەسەی شەیتانە كە جارێكی تر بڵێین:

چۆن لە دونیادا پێویستمان بەواسیتە هەیە بە بۆلای كاربەدەستان، بەهەمان شێوەش بۆلای خوا !!.

---

(١) رواه مسلم (٢٥٧٧) .

یان بڵێن: ئێمە تاوانبارین و پیاوچاكان لەخوا نزیكن و خوا لە ئێمە خۆش نابێت بێ تكای پیاوچاكان!! .

یان بڵێین: وا جوانترە خۆمان ڕاستەوخۆ داوا لەخوا نەكەین چونكە وا بە ئەدەب ترە كە لەڕێگای پیاوچاكان و پێغەمبەرانەوە (علیهم الصلاة والسلام)، داواكاریەكانمان بگەن بە خوا !!.

كەواتە ئەم وەسوەسانە هەمووی فێڵی شەیتانەو دەیەوێت بەم شێوازە (بەناوی لەخوا ترسانەوە) شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دابنێین !! پەنا بەخوا.

وە ئایا ئەدەب و عەقڵ و لەخوا ترسان ئەوەیە كە بێ فەرمانی خوا بكەین ؟!

خوا دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾ (غافر: من الآية٦٠).

واتە پەروەردگارتان **فەرمانی پێ كردوون**: فەرموویەتی هاوارم بكەنێ و داوام لێ بكەن، وەڵامتان دەدەمەوە. وە فەرموویەتی: ﴿ فَلا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَداً ﴾ (الجن: من الآية١٨).

واتە: **نەهی لێكردوون**: لەگەڵ خوا هاوار مەكەنە هیچ یەكێكی تر.

جا ئایا وازهێنانت لەو فەرمانەی خوا لەسەری واجب كردوی كە ـ تەنها دوا لەوكردنە ـ وە كردنی ئەو كارەی كەلێی قەدەغە كردویت و نەهی لێ كردویت، ـ كە بریتی‌یە لە هاوار كردنە یەكێكی تر، وەك پیاوچاكان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ـ، ئایا ئەمە ئەدەب و عەقڵ و تەقوایە ؟!.

وە هەر ئایەتێكی قورئان دەخوێنیتەوە سەبارەت بەم باسەوە، دەبینین فەرمان دەكات كە تەنها هاوار بكەنە (الله) و داوا لەو بكەن. وەك:

* ﴿ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ...﴾ الأعراف: ٥٥.

* ﴿وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴾ الأعراف: ٥٦.

* ﴿وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا ﴾ الأعراف: ١٨٠.

* ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾ غافر: ٦٠.

* ﴿فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ﴾ غافر: ١٤.

وە بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو:

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ البقرة (١٨٦).

واتەی ئەی محمد ئەگەر بەندەكانی من پرسیاری منیان لێ كردیت، ئەوە من خۆم لێیان نزیكم و وەڵامی داوای داواكاران دەدەمەوە. وە نەیفەرموو با داوا لەتۆ بكەن و تۆش داوا لەمن بكەو ببە واسیتەی نێوانمان بۆ گەیاندنی پاڕانەوەو داوای بەندەكانم بەمن و، لێ خۆش بوونیان و، وەڵام دانەوەی منیش بەئەوان.

بەڵام بۆ ڕاگەیاندنی شەرعی خوا پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە کە هەر پرسیارێکی شەرعی خوایان لێ کرد خۆی لە جیاتی خوا وەڵامیان بداتەوەو ببێتە واسیتەی ڕاگەیاندن (واسطة البلاغ).

هەروەك دەبینین کە پرسیاری کاری شەرعی دەکرا پەروەردگار دەیفەرموو خۆت وەڵامیان بدەوە بەم شێوەیەی فێری دەکرد . بۆ نمونە:

﴿ ويسألونك عن الخمر والميسر قل فيهما إثم كبيرٌ ومنافع للناس وإثمهما أكبرُ من نفعها﴾البقرة

﴿ ويسألونك عن المحيض قل هو أذىً...﴾ البقرة

﴿ ويسألونك عن الأهلّة قل هي مواقيتُ للناس ﴾ البقرة

﴿ ويسألونك ماذا ينفقون قل العفو...﴾ البقرة

بەم شێوەیە پەروەردگار [پێغەمبەری ﷺ وەك واسیتەی ڕاگەیاندنی شەرعەکەی بۆ داناوین، بەڵام لێی حەرام کردوین وەك واسیتەی نزیك کەرەوە بۆلای خۆی دابنێین]؛ چونکە ئەم واسیتەیە پاشماوەی دینی موشریك و کافرەکانەو پەروەردگار پێویستی بە هیچ کەس ناکات خەڵکی بیکەن بەواسیتە بۆ ئەوەی لە پەروەردگاریان نزیك بکاتەوەو داواکاریەکانیان بکەیەنێت بەخوا.

وەبۆیە تکاو داوامان تەنها دەبێت ڕاستەوخۆ لە پەروەردگار بێت وەك خۆی فەرمانی بەوە کردوە لە ئایەتەکانی پێشوو. وە قەدەغەی کردوە لە بەندەکانی هاوار بکەنە غەیری ئەو، یان و داوا لە غەیری خۆی بکەن.

وە پێغەمبەری پێشەواش ﷺ لەسەر ئەو تەنها خوا پەرستیە هاوەڵانی پەروەردە دەکرد وەك دەبینین بە عبداللەی کوڕی عباسی فەرمووە :

((وإذا سألت فاسألِ الله، وإذا استعنتَ فاستعن بالله))[1].

واتە ئەگەر داواکاریت هەبوو یەکسەر داوا لە خوا بکەو ئەگەر داوای یارمەتیشت کرد تەنها داوای یارمەتی لە خوا بکە !.

وە پێی نەفەرموو: هاوار بکە من یان داوای یارمەتی لەمن بکە ؟! کە دووریش بم لێت، یان مردووش بم!!

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ بە فاطیمەی کچی فەرموو:

((يا فاطمةُ سليني من مالي ما شئتِ فإنّي لا أُغني عنكِ من اللهِ شيئاً)) .

واتە لە ماڵی دونیام چی حەز دەکەیت داوام لێ بکە بەڵام لای خوا من هیچ سوود بەتۆ ناگەیەنم و هیچم بە دەست نیە بۆت لای خوا، وە خاوەنی هیچ نیم !!.

****

(1) أخرجه الترمذي: حديث حسن صحيح.

كەواتە ئەو دينە دێرينەى ئيسلام كە لە كۆنەوە خوا بــە هــەموو پێغەمبــەرانى(علــيهم الصــلاة والســلام) **دا نــاردووەو پێغەمبەرى ئێمەش محمد** ﷺ **پێــى هــاتووەو زانايــان لەســەرى ڕۆيشــتوون تــا ئــەم ســەردەمەى ئێمــە بناغــەو بنەڕەتەكەى بريتىيە لە بەتەنها پەرستنى خواو بەتەنها هاوار كردنــە** (الله) **و تــەنها لــەو داواى يارمــەتىكردن** ﴿إيّاكَ نَعبدُ وإيّاكَ نستعين﴾ **وە تەنها داواى بەفرياكەوتن لەو بكەين و لەگەڵ ئەو خوايە پەروەردگارە گەورەيــەدا هاوار نەكەينە هيچ يەكێكى تر، بەڵام هەر لەكۆنەوە تا ئەمڕۆش نەفام و هاوبەش پەيداكــەران ڕازى نــەبوون بەم دينى ئيسلامەى كە لەسەر تەنها خوا پەرستى و تەنها هاوار كردنە ئەو دامەزراوە بەڵكو لەگەڵ پەروەردگار چەندان پەرستراوى تريان داناون و هاواريان كردوونێ بەنيازى لەخوا نزيك كردنەوەو شەفاعەت بــۆكردن لاى خوا. وەك بۆمان دەركەوت لەسەرەتاى ئەم كتابەدا بە بەڵگەى قورئان و حەديس. وەك لەم ئايەتەشــدا ڕوون دەبێتەوە:**

﴿ ذَلِكُمْ بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِنْ يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ ﴾(غافر: ١٢).

واتە: ئەگەر بە تەنها هاوار بكرێتە خواو تەنها لەو بپاڕێينەوە، ئێوەى نەفام باوەڕ نــاهێنن و بــێ بــاوەڕ دەبــن بــەم مەنهەجە كە تەنها هاوار بكرێتە (الله).

بەڵام ئەگەر شەريك بۆ خوا دابنرێت لە هاوار بۆ كردن و پەرستندا ئەوا ئەو كاتە ئێوە ـ ئەى موشــريكان ـ بــاوەڕ دەهێنن، واتە باوەڕ بە دينێك دەهێنن كە شيركەو لەگەڵ خوا هاوار بكرێتە غەيرى خوا !!.

وە هەروەها پەروەردگار زياتر پەردە لەسەر شيركى ئەم جۆرە خەڵكە نەفامە گومڕايە لادەدات و دەفەرموێت: ﴿ وإذا ذُكِرَ اللهُ وحدهُ اشمأزّتْ قلوبُ الذين لا يومنون بالآخرة . وإذا ذُكِرَ الذين من دونه إذا هم يستبشرون ﴾ (الزمر: ٤٥) **واتە : ئەگــەر بەتــەنها باسى** (الله) **بكرێت و يادى ئەو بكرێت دەروونى ئەوانەى كە باوەڕيان بە ئاخيرەت نيە دەگيرێ و تــەنگ دەبێــت، بــەڵام كاتێك كە مەعبودەكانىتر ياد دەكرێن ئەو كاتە دڵيان شاد دەبێت !!**

بەداخەوە ئەمەيە حاڵى نەفام و نەزانەكانى ئەمڕۆش ئەگەر بەتەنها بڵێيت: ﴿يا الله هاوار﴾ **دەڵێن ئەوە بۆ ناڵێيــت يا حەزرەتى غەوس هاوار ؟!، وە بۆ ناڵێيت يا رسول الله هاوار ؟!، وە يان ئەگەر بە تەنها باسى خــوا بكــەيت و بــەس ناوى ئەو بهێنيت ڕازى نابن و، دەڵێن دەبێت لەگەڵ** (ﷲ) **بڵێيت:** ﴿يا محمد، يا غەوس﴾ **يان دەبێت بڵێيت بە ناوى خوا و پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام)!.

كەواتە براى موسڵمان وشياربەو بزانە كە: دينى دێرينى ئيسلام تەنها خوا پەرستىيەو تەنها هاواركردنــە خوايــە، وە هەركەسێكى موسڵمانت بينى دەيوت تەنها هاوار بكەنە خواو هاوار مەكەنە كەسى تر: بزانە ئــەو كەســە لەســەر ڕاستە شەقامى ئيسلامە دێرينەكەيە لەم بوارەدا، وەبە درۆو بوهتانى خەڵك بڕوا نەكەيت كە دەڵێن: ئەمــە دينێكــى تازەيە!!

نەخێر دینی تازە ئەم شیرك و بیدعەكاری و گۆڕپەرستی و زەرگ لەخۆدان و هاوار كردنە شەخس و واسیتە دانانەیە، كە نەفام و بێ عەقڵان لەسەری دەڕۆن. وە بەناوی خۆشویستنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان و ڕێزگرتن لێیان، بەرزیان كردوونەتەوە بۆ ئاستی پەروەردگارو كردوویانن بە شەریكی خواو، لەئاستی بەندەێتی بەرزیان كردوونەتەوە بۆ ئاستی پەرستراوێتی و، دەیان پەرستن و هاواریان دەكەنێ و سەربڕینیان بۆ دەكەن و، سوێندیان پێ دەخۆن و پەنایان پێ دەگرن و، نەزریان بۆ دەكەن و، داوای بە فریاكەوتنیان لێ دەكەن!!.**

وە دینی (أبو جهل و أبو لهب) یان زیندو كردۆتەوە بەناوی لەخوا نزیك بوونەوەو خۆش ویستی پیاوچاكان.

موسڵمانی ژیر ئێستا تێگەیشتیت كە خۆشویستن و ڕێزگرتن لە پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاكان، بە شوێنكەوتنیان دەبێت لە شەریعەتدا، نەك بە پەرستنیان و بەرز كردنەوەیان بۆ ئاستی پەرستراوو، عیبادەت بۆ كراو، كە (الله) یە.

وە تێگەیشتیت كە ئەوانەی بەناوی واسیتەو لەخوا نزیك بوونەوە هاوار دەكەنە پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاكان، هیچ بەڵگەیەكیان نیەو ،كارەكەیان بێ شەرعیەو شیركەو كوفرەو، بێ ئەدەبی و بێ عەقڵی و نەفامیە.

يقول الإمام العز بن عبد السلام في رسالة ((الواسطة)) ص ٥ :

((ومَن أثبت الأنبياء وسواهم من مشايخ العلم والدين وسائط بين الله وبين خلقه كالحجّاب الذين بين الملك ورعيته ، بحيث يكونون هم يرفعون الى الله تعالى حوائج خلقه، وان الله تعالى انما يهدي عباده ويرزقهم وينصرهم بتوسطهم، بمعنى أنّ الخلق يسألونهم، وهم يسألون الله كما انّ الوسائط عند الملوك يسألون الملك حوائج الناس لقربهم منهم، والناس يسألونهم أدباً منهم أن يباشروا سؤال الملك، ولأن طلبهم من الوسائط أنفع لهم من طلبهم من الملك، لكونهم اقربُ الى الملك، فمن اثبتهم وسائط على هذا الوجه فهو كافر مشرك يجب ان يستتاب فان تاب والاّ قتل وهؤلاء مشبهون لله، شبهوا الخالق بالمخلوق وجعلوا لله انداداً))

وهذا القول مخالف لقوله تعالى :

﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ .

وقوله تعالى : ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾.

فلم يجعل الله بينه وبين خلقه واسطة في الدعاء. وهم بعقولهم الخرفة جعلوها .